دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن



کارۆ حسێن

---

**کۆمەڵە چیرۆکی " مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن ": بەختیار حەمەسوور ؛ غەزەلنووس**




www.kurdhouse.com

## دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن

## کارۆ حسێن

- لە ڕۆمان و چیرۆکدا ، هەمیشە فۆڕم گرنگیەکی تایبەتی هەبووە. چونکە فۆڕمی گێرانەوە گێڕانەوەیەکی ئەدەبی جیادەکاتەوە لەگەڵ گێڕانەوەیەکی زارەکی مرۆڤەکاندا... گێڕانەوەی زارەکی مرۆڤەکان، دەشێت پەلەیی تیادابێت

یاخود یەک مەبەستی تیادابێت، بەڵام لە ئەدەبیاتدا گێڕانەوە دەبێت وردبێت و دەستبخاتە سەر ئەو لایەنانەی کەدەشێت زۆر جار مرۆڤێک خودی خۆی لەناو ڕووداوەکاندا بوبێت یان بینەری بوبێت بەڵام هێندە هەستی بەلایەن و کاریگەریە جیاوازەکانی نەکردبێت.

بۆ نمونە لەوانەیە هەمووومان سووتانی دارێکی وشکەوەبوومان بینیبێت، بەڵام هەمووومان هەستمان بە بێلانەبوونی باڵندەکانی سەری نەکردووە. هەمووومان هەست بەوە ناکەین کەلەوانەیە بۆ کەسانێک ئەم دارە پێش وشکبوون و سووتانەکەی سێبەر بوبێت و لەبەریدا حەسابێتنەوە، بەڵام ئەدەبیات دەبێت هەموو ئەمانە دەربخات و کاریگەرییە شاراوەکانی وشکبوون و سووتانی دارەکە لە سیاقی گێڕانەوەکەدا ئاشکرا بکات.

بۆمن یەکێک لەو کۆمەڵە چیرۆکانەی کە بەم دواییانە خوێندمەوە و جێی سەرنجم بوو، کۆمەڵە چیرۆکی (مێرووڵەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن). نووسینی بەختیار حەمەسوور

کۆی کتێبەکە (حەوت) چیرۆکی لێک نزیک و یەک هێڵی گشتی هەیە. نزیکن لە ڕووداوی واقعیەوە و دەشێت زۆرمان بەری کەوتبین یان بەری بکەوین، بەڵام ڕووداوەکانمان بۆگرنگ نەبن و ئاسایی و بێ وردبوونەوە تێیانپەڕێنین، بەڵام شێوازی گێڕانەوە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا وای کردووە هەم وەک چیرۆک بچنە خانەی ئەدەبیاتەوە و ئەرکەکەی بەجێبهێنن. هەم بۆ ئێمەش جوان و چێژ بەخش بن وردترمان بکەنەوە لەسەر ڕووداوەکان.

بەگشتی لەو چیرۆکانەی کە ڕووداوی سادە و واقعین، پێویستە خوێنەر بۆ قوڵایی دەقەکان بچێت و مەبەستی شکاندنی کۆدەکان بێت چونکە ڕووداوەکان سەیر نین بەقەت ئەوەی کە مەبەستێکی گرنگ و زۆر جار هەست پێنەکراویان هەیە... نمونەکەی سەرەوە باس بکەینەوە، ئەگەر لەکاتی سووتانی دارەکەدا شوانێک ببینین لەوانەیە لە حاڵێکدا بگری هەست



www.kurdishbookhouse.com

بەناخـی بکەین، بەڵام گەر نەگـری یـان بەزمان شتێکامان بۆ دەرنەبڕێت ئەستەمە هەست بە ناخـی بکەیـن، بەڵام گێڕانەوەی ئەدەبـی دەبێت ئەم ناخەمان بـۆ دەربخات لـەهەمـان ئەو حاڵەتەدا. کە بەڕای من لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئەمە دەبینین.

چیرۆکەکان ڕووداوی سـادە و کـورتن، هـەرچـیرۆکێک کاتێکـی کورتخایەنـی کارەکتەرێـکە لـە شوێنێکـی دیاریکراودا و بەرکەوتنێتـی لەگەڵ کارەکتەرانێکی دیکەدا کە دەشێت هەڵگری چیرۆکێکی دیکە بن... نـووسەر دوورە لەهەر وەسفێک لـە گێڕانەوەکەیدا بـەڵکو لـە ڕێگەی بەرکەوتنی کارەکتەرەکانی لەگەڵ مرۆڤ یان شتەکانی دەوروبەریەوە ناخ و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکەمان بۆ دەردەخات، وەبە دیوە تاریک و شاراوەکەی کارەکتەرانی ناو چیرۆکەکان ئاشنامان دەکات. زیاتر وردمان دەکاتەوە لەسەرنجدان بۆ ڕووخساری شێواوی کەسەکان و لەوێشەوە هەستکردن بە تێکشکاویەکانی ناوەوەیان و ئەو گرێیانەی کردنەوەیان قورس و زەحمەتە.

ئەم کتیبە ساڵی ٢٠١٥ ناوەندی غەزەلنووس چاپ و بڵاویکردۆتەوە

ئەم بابەتە تایبەتە بە ماڵی کتێبی کوردی و بڵاوکردنەوەی بە ئاماژەدان بە سەرچاوەی «ماڵپەڕی ماڵی کتێبی کوردی » ڕێگە پێدراوە.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse